# کۆست

شیعری: ئیسماعیل خورماڵی

* خەمێ لەتەک مەرگی مەرزییە و

خەمێ لەتەک ڕەزازیدا *

لەسەر باڵی کامە هەور بە غەم و تەم بگەمە لات

لەسەر باڵی کامە بازی شەڵاڵی خەم بگەمە لات

لەکام ڕێوە هەرخۆت بڵێ ئاسکی هونەر لە کوێوە بێم

بە دابانا یا بە زەریا هەتا زووتر بگەیتە سەر ڕێم

تا بەگەرووی خاکی سووتاو ،لەباز زیاتر بقیژێنم

وەک برووسکەی شەوی باران بەغووربەتدا بشریخێنم

بێژم یاران جەمعی یاران ،کۆستی گوڵان بەهارم ڕۆ

زرێباری مەریوان و دەشتی بۆکان نزارم ڕۆ

بێژم یاران خورەی ڕەنگ ومێرگی سەوزی هونەرم ڕۆ

بەوری سۆز وهاوڕێی سەنگەر ،گوڵ کێوی بە سێوەرم ڕۆ

بازی سرووود ، دۆستی منالْ ،خۆشخوانی ووڵاتم ڕۆ

پێشمەرگەی خوێن،زایەڵەی ناو عومری شاخ وخەباتم ڕۆ

دەسم داوێن لە کوێوە بێم ، تۆفێ داکەم بە سەر تۆدا

وەک چەخماخە ئاسمان گڕ بەم ،تاوێ داکەم بەسەر تۆدا

تا لە گوڵ و مێخەکی بەر ،بەرۆکی تۆ بە سەر داکەم

عەینی عیرفان ،شینی دەف و گڕی دۆزەخ بە سەر داکەم

دەلا لۆ لۆ دەلا لۆ لۆ ، هەر سرتەیەک هەر وەڵامێ

منت مرم کە ڕاناگەم بە چۆڕاوگەت ، یەک بە جامێ

هەستە ڕابە کێوی عیشق ،مەرگ وادەی بە سەر چوووە

سەفەر خێر و عیشق دێر و دیسان مەرگ بە سەر چوووە